# نج نو، و ن ب ن، و مزان ب رمزان، مووان دبن سنو تاوان وونااں نوانان، ئر اتوو مر موسمان خ بدوور رت ل تاوان وران

له ئەبی هورەیرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەری خودا -صلی الله علیه وسلم- دەفەرموێت: «پێنج نوێژەکە، و هەینی بۆ هەینی، و ڕەمەزان بۆ رەمەزان، هەموویان دەبنە هۆی سڕینەوەی تاوان وگوناهەکانی نێوانیان، ئەگەر هاتوو مرۆڤی موسڵمان خۆی بەدوور گرت لە تاوانە گەورەکان».

[صەحیحە] [موسلیم گێڕاویەتیەوە]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- باسی ئەوەمان بۆ دەکات کە پێنج نوێژە فەرزەکە لە شەو ورۆژێکدا، ونوێژی هەینی لە هەموو هەفتەیەک، ورۆژووگرتنی مانگی ڕەمەزان هەموو ساڵێک، ئەم پەرستنانە دەبنە هۆی لێخۆشبوونی تاوانەکانی نێوانیان بەمەرجی خۆ بەدوورگرتن لە تاوانە گەورەکان، چونکە تاوانە گەورەکان وەکو زینا وخواردنەوەی سەرخۆشکەر ؛ ئەمانە تەنها بە تەوبەکردن خوای گەورە لێی خۆش دەبێت.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/3591